# دەربڕینە ڕێژەییەکان لە زمانی کوردیدا

**کاروان عومەر قادر[١] و شیما محمود احمد[٢]**

[١]بەشی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.
[٢]بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی شارەزوور، زانکۆی هەڵەبجە، هەڵەبجە، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە**-توێژینەوەی پێشنیازکراو وردبوونەوەیەکی زانستییانەیە لە زمانەوانیی ڕێژەیی لە بواری (کۆزمانەوانیی درکپێکردن)دا. لەمڕوانگەیەوە باوەڕوایە، کە داڕشتەی زمانیی شێوە داڕێژەری چەمک و پەیپێبردنە جیاوازەکانی ئاخێوەرە بۆ درکپێکردن بە ڕاستی و ڕاستەقینە کۆمەڵایەتییەکان، چونکە زمان شێوەی بیرکردنەوەمان دیاریدەکات و تەنها هۆیەک نییە بۆ دەربڕینی بیر بەکاربهێنرێت، بەڵکو زمان، وەک یارمەتیدەرێک سنوری توانای مرۆڤ بۆ بیرکردنەوەش دادەنێت. لەمڕوانگەیەشەوە زمانی کوردی، وەک هەموو زمانەکانی تر، خاوەنی ئەم تایبەتمەندییە ڕێژەییەیە، کە بەهۆیەوە ئاخێوەرەکانی دەتوانن بەڕێژەی جیاواز واتای ڕێژەیی و هەست و نەستی ڕێژەیی دەربڕن. بێگومان دەربڕین لە چەمکێک بە چەندین دەربڕاوی جیاواز، کە هەر دەربڕاوێکیان ڕێژەیەک و لایەکی چەمکەکە بنوێنێت، لە خۆیدا ڕێسایەکی گرنگیی دەوڵەمەندبوونی فەرهەنگی زمانەکەیە. توێژینەوەی پێشنیازکراویش ویستییەتی ئەم دیاردە زمانییە لە زمانی کوردیدا هەم شرۆڤە بکات و هەم وێناشی بکات.

**کلیلە ووشەکان:** ڕێژەگەرایی، ڕێژەیی بوونی زمانی، دەربڕینە ڕێژەییەکان، هەمەجۆری زمانی، دەرخەری زمانی، بێهێزی زمانی.

## پێشەکی

ئەم توێژینەوەیە مەبەستییەتی ئەوە دەربخات، کە زمان تەنها هەر ئامرازی پەیوەندیکردن نییە ، بەڵکو ئامێری هزری مرۆڤیشە بۆ وێناکردنی ئەو دنیایەی تێیدا دەژی. وێناکردن و پەیپێبردنەکەشی بەپێی شارەزاییەکانی و گرنگیپێدانەکانی ڕێژەییانە ڕێژەی جیا جیا وەردەگرێت و لە کۆمەڵێکەوە بۆ کۆمەڵێکی تر و لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێت، تەنانەت لە فەزایەکەوە بۆ فەزایەکی تر و لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تریش ڕێژەکە بەردەوام لە گۆڕاندایە. توێژینەوەکە مەبەستییەتی وردو پوخت شیکارەکانی لە چێوەی( کۆزمانەوانیی درکپێکردن)دا شرۆڤەی چییەتی هەم، چەمکی ڕێژەیی بکات و هەم شرۆڤەی داڕشتەو واتای ئەو دەربڕینە ڕێژەییانەش بکات، کە لە ئاستی واتای کۆمەڵایەتیدا لە ناو زمانی کوردیدا هەمەجۆری زمانی دەخولقێنن. بە مەبەستی جێبەجێکردنی ڕێبازی توێژینەوەکەش، توێژینەوەکە، بەسەر دوو تەوەری سەرەکیدا دابەش کراوە، کە تێیدا تەوەری یەکەم باس لە زانستی زمانی ڕێژەیی و چەمک و تێڕوانینەکانی تیۆری زمانەوانیی ڕێژەیی کراوە، بە ناوی ( ڕێژەگەرایی زمانیی)، تەوەری دووەمی توێژینەوەکەش بۆ (گریمانەی بەهێز/ دەرخەریی گەرایی زمانیی) تەرخانکراوە. ڕێبازی لێکۆڵینەوەکەش درکپێکراوی شیکاریانەیە و میتۆدی ئەنجامدانی توێتینەوەکەش بریتییە لە میتۆدی (زمانەوانی ڕێژەیی ) و (کۆزمانەوانیی درکپێکردن). سنوری توێژینەوەکەش بریتییە لە ئاستی مۆرفۆلۆژی و سینتاکس و بەپێی پێویستیش سود لەلایەنی سیمانتیک وەرگیراوە. گرفتی سەرەکیی توێژینەوەکەش ،بریتی بووە لە چڕو پڕی داتاکانی نوێی چەمکی ڕێژەیی لە زماندا، هەربۆیە هەوڵدراوە هەردوو لایەنی تیۆری و کارەکی لە هەرتەوەرێکدا بە سەربەخۆ شرۆڤە بکرێت.

### ١) ڕێژەگەرایی زمانیی:

لەزانستی زمانی ئەمڕۆدا، یەکێک لەگرنگترین ئەوپرسیارانەی بەردەوام دەوروژێنرێت بریتییە لە پرسیارکردن لەپەیوەندی نێوان (زمان، بیر، کلتور)، بۆیە دەتوانرێت بگوترێت داهێنانی زانستی زمانیی ڕێژەیی بۆ ئەوجۆرە پەیوەندییە دەگەڕێتەوە. لەزمانەکانی جیهاندا هیچ دوو زمانێک هەرگیز وەک پێویست هاوشێوە نین. ئەگەرچی بەنوێنەرایەتی هەمان واقیعی کۆمەڵایەتی دادەنرێت، لەبەرئەوەی" سروشت و دونیای دەرەوە جێگایەکە پڕیەتی لە ڕەهەندی ڕەنگ و قەبارەی هەمەچەشن و دەتوانین بە پێی ئەو نیشانە زمانیانەی، کە تێیدا گەورە بووین، واتە بە پێی سیستەمی وشە دەربڕینە زبرەکان، یان بەپێی سیستەمی بەها بۆ کلتورەکەمان بۆ ئەو کردارانەی پەیوەستن بە پێداویستییە پەیوەندییەکان بۆ پێکهاتە ڕێزمانییەکان، بەکاریبهێنین "(برکە، ٢٠١٠، ٢). هەربۆیە بۆ هەڵسەنگاندنی گرنگیی زمان لە ژیانی کۆمەڵایەتی ودەروونیدا توێژینەوەیەکی گرنگ لەسەر پێشنیازی زمانەوانیی ڕێژەیی پێویستە، بە مەبەستی هەڵسەنگاندن و هەبوونی زمانێک بەپێچەوانەی زمانێکی ترەوە، پێشنیازی ڕێژەیی لە زمانەوانی کلاسیک هاتە ئاراوە، کە جیاوازیی پێکهاتەیی لە نێوان زمانەکاندا کاریگەریی لەسەر بیرکردنەوە هەیە، کەواتە" بۆ دەربڕینی بیر، زمان نوێنەرایەتیی سیستەمێکی بیریی سنوردار دەکات"(vyvyan and Green, 2006, 7)، لەلایەکی تریشەوە گفتوگۆکە ڕۆڵی شێوازەکانی بەکارهێنان ڕووندەکاتەوە و پێشنیازی ئەوە دەکات، کە جیاوازی لە بەکارهێنان لەوانەیە کاریگەریی بۆ هەردوو سیفەتی ئاماژە و دەربڕین لە زماندا هەبێت. شێوازەکانی بەکارهێنان و جیاوازییان، کە بنەمای هەمەجۆری زمانییە بریتییە لەوەی کەسێک، کە لەسەر بابەتێکی دیاریکراو لە لایەنێکی دیاریکراو قسە بکات، ئەو هەستەی دەیەوێت دەریببڕێت، هەستێکی دیاریکراو دەردەبڕێت و هەمووی دەرنابڕێت، بۆیە پێیدەوترێت دەربڕینی ڕێژەیی، ڕەنگە بارێکی توند یان ئاسایی، خۆشی، یان ناخۆشی ڕێژەی هەستەکە بگۆڕێت. هەمەجۆری زمانی چەند

مجلة جامعة التنمية البشرية
المجلد 9، العدد 1(2023) ؛ عدد الصفحات (9)؛ معرف الكائن الرقمي: 10.21928/juhd.v9n1y2023.pp47-55
ورقة بحث منتظمة: أُستلم البحث في 18 أيلول 2022؛ قُبل في 19 تشرين الأول 2022؛ نُشرت في 16 كانون الثاني 2023؛
البريد الإلكتروني للمؤلف : karwan.qadr@univsul.edu.iq, shaima.makuma2019@uoh.edu.iq
حقوق الطبع والنشر ©2023 کاروان عومەر قادر و شیما محمود احمد. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

هۆکارێکی هەیە لەوانە: جیاوازیی( زمانی، توخم، تەمەن.....) لەهەموویان گرنگتر ڕێژەی دەربڕینی واتا و هەستی قسەکەرە لەکاتی ئاخاوتندا. بۆنموونە" زۆر جار قسەکانمان بە پێی پلەی ڕێزلێگرتن، کە جۆرێکە لە هەستی قسەکەر دەگۆڕێن"(فەتاح، ٢٠١١، ١٦٣)، بۆ نموونە کاتێک دەتەوێت بە کەسێک بڵێیت (بێدەنگ بە) ڕێژەیەکی بەرچاو جیاوازی بەدیدەکرێت لەنێوان ئەو دەربڕاوانەی، کە بەکاردێن، وەک لە نموونە ئاخاوتنییەکانی ژمارە(١) دا خراوەتە ڕوو:

(١) : آ- بێزەحمەت ئەتوانیت بێدەنگ بیت.

ب-ئەوەندە مەڵێ و دەمت داخە.

پ- ئا دەمت لێکنێ و وسبە.

ت- کەم چەنە چەن بکە، ئەڵێی سکڵ لە دەمتایە.

ج- ماشەڵڵا دەم قەربالْخیت، ئەڵێی ڕەحە چل دەمیت.

د- بەسە چەنەبازی، کەم بڕێسە.

ز- بەسە لەوچە لەوچ.

ر- کەرە کەر...تاد

به وردبونەوە لە نموونە ئاخاوتنییەکانی ژمارە(١) تێدەگەین، کە هەموو ئاخاوتنەکان هەمان ئاخاوتنن، بەرانبەر کەسێک دەربڕاون، بەڵام لە هەریەکەیاندا ڕادە و ڕێژەی تێگەیشتن لێیان، بەپێی دەوروبەری ئاخاوتن جیاوازە. بەمشێوەیە لە هەریەکەیاندا ڕێژەیەکی زبرێتی دیاریکراوی دەربڕاوەکان، لەلایەن کەسی قسەکەرەوە هەستپێدەکرێت، بۆ نموونە لە ڕستەی(١- آ)دا، ڕێژەی زبرێتی کەمە و ڕێزگرتنی بەرانبەر ڕەچاو کراوە، وەک لە ڕستەی(١- ب و پ و ت و ج و د و ز و ر)، کە کەمتر پلەی ڕێزگرتن ڕەچاو کراوە و جۆرێک لە زبری هەست پێدەکرێت. بێگومان ئەم کەمی ڕێزگرتنەش لەو ڕستانەدا، بەهۆی فۆڕمی زمانییەوە هەستی پێدەکرێت. بەمپێیە هەموو ڕستەکانی نموونەی(١)، یەک چەمکیان دەربڕیوە، بەڵام لە هەریەکەیاندا چەندێتیی ئەو ڕێزگرتنەی تێیدایە، جیاوازە. لەلایەکی ترەوە ڕادە و ڕێژەی تێگەیشتن لەم هەمەجۆرییە ڕێژەییانە پەیوەستە بەوەی، کە تا چ ڕادەیەک کەسی گوێگر بەم ئاخاوتنانە شارەزایە بە فەرهەنگ و ڕۆشنبیری زمانی ناو کۆمەڵ و نەتەوەکەی ئاشنایە، بۆیە هەتا تاکی کۆمەڵگا بەم جیاوازییانە لە نێوان ڕێژەی دەربڕاوەکاندا شارەزابێت، ئەوا بواری پەیوەندیکردن زیاتر لە کۆمەڵگادا دەڕەخسێت. بەمشێوەیە ڕێژەیی زمانی دیاردەیەکی زمانییە و دەبێتە هۆی دەوڵەمەندبوونی زمان، چونکە لە هەریەکەیاندا ڕێژەیەکی دیاریکراوی درکپێکردنی واتا و هەستی قسەکەر، کە دەیەوێت دەریببڕێت، دەردەخات. زمانی مرۆڤیش، وەک پێویستییەکی قسەپێکەرەکانی، خزمەتی قسەکەرەکانی دەکات و بۆ ئەنجامدانی ئەو کارەش، پێویستیی بە ناونیشانێک هەیە بۆ هەموو ئەو شتانەی، کە قسەکەرەکانی دەیانەوێت باسیبکەن، کە ئەویش دەچێتە ژێر سەرناوی ((زمانەوانیی ڕێژەیی Linguistic Relativity)ەوە. بەمپێیە" لایەنێکی تری گرنگیی زمان پەیوەندیی بەوەوە هەیە، کە هەموو مرۆڤێک لە هەموو ساتێکی ژیانیدا، خۆی لە پێگەیەکی ڕێژەییدا دەبینێتەوە"(برکە، ٢٠١٠، ٣)، سەرەڕایی نەریتی دوور و درێژی بیرکردنەوە و پێشبینیکردن لەبارەی هەمەچەشنی پێکهاتەیی لە نێوان زمانەکاندا، زۆر کەم توێژینەوەی ڕاستەقینە لەمبارەیەوە هەیە. ئەمەش جێی سەرنجە، بۆیە گرنگە بایەخێکی زۆر بەزانستی زمانی ڕێژەیی بدرێت.

### ١/١) زانستی زمانی ڕێژەیی:

زمانە سروشتییەکان، سەرەڕای لێکچوونەکانیان، جیاوازی بەرچاویشیان لە نێواندا هەیە، چونکە "هیچ کەسێک بە زمانی گشتی قسە ناکات، بەڵکو هەمیشە زمانێکی بە واتای پێکهاتەی تایبەتمەندیی خۆی دیاریکراوە" Gumperz, and Levinson, (1996, 41). کاتێک باسی زمانەوانیی ڕێژەیی دەکەین، بە تەنها قسە لە زمانەکان لەڕووی جیاوازی وشەدانەکان ناکەین، بەڵکو (بەجۆرێکی دیاریکراو هاوتاکردنی بیرکردنەوەکانیان بە هەبوونی پێکهاتەی ژێرەوەی قسەکەرەکانەوە بەندە، واتە تێگەیشتنی جیاواز لە جیهان کاتێکە، کە قسەکەرەکە ئاگای لەوە نییە، کە ئەوان کاریگەرییان لە زمانەکەیانەوە لەسەرە، بۆیە پێویستە نواندنی زمان، وەک ناوەندێکی دەربڕین ئەنجامبدەن و ڕۆڵیان لەشێوەی دەربڕینەکەدا هەبێت)(Grace, 2007, 5). بەمپێیە بوونی چەندین وشەی جیاواز لە زماندا و بەکارهێنانی لەلایەن قسەپێکەرە جیاوازەکانەوە بۆ دووان لە هەمان چەمک لە ڕوانگە و گۆشەنیگا جیاوازەکانەوە بەڵگەی ڕاستێتیی بوونی ڕێژەگەرایی زمانییە. کەواتە زمانی هەر میللەتێک بە جیاوازیی بیرکردنەوە و کلتورییەوە، کە لە زمانێکی دیکە جیاوازە، هەڵقوڵاوی دەوروبەر و ژینگەی خۆیەتی. بەمپێیە لەڕوانگەی شیکردنەوەی بابەتی جیاوازییە زمانییەکانەوە پەیوەست بە زمانەوانیی ڕێژەییەوە، بەدرێژایی مێژوویی گەشەسەندنی، چەندین بۆچوون و قاڵبی جیاوازیی وەرگرتووە، بەڵام هەموو ئەو بۆچوون و گریمانانە خۆیان لە دوو تەرزدا بینیوەتەوە، کە بریتین لە:

آ- گریمانەی بەهێز (دەرخەری زمانیی "Linguistic Determinism" ).

**ب-** گریمانەی بێهێزی زمانەوانیی ڕێژەیی" Weak hypothesis Relativity Linguistics" .

گریمانەی یەکەمیان مۆدێلە کۆنەکەی زمانەوانیی ڕێژەییە و مەبەست لێی ئەوەیە، کە زمان و کەرەستە زمانییەکان و داڕشتە زمانییەکانی زمان زۆر بە بەهێزی کاردەکەنە سەر بیر و هزری مرۆڤ و دیارییان دەکەن. ئەم مۆدێلە لە لایەن زمانەوانیی نوێیاوەوە زۆر بە توندی ڕەتکراوەتەوە، کە زیاتر پێش جەنگی یەکەمی جیهانی باوی بووە. هەرچی گریمانەی دووەمی قوتابخانەکەیە، کە گریمانە بێهێزەکەیە، زیاتر مەبەست لێی ئەوەیە، کە تەنها کەرەستە زمانییەکان و بەکاربردنەکانیان لە ناو کۆمەڵدا، کاریگەری لەسەر چۆنێتیی تێگەیشتن و درکپێکردن دروستدەکات. گرنگە لێرەدا ئەوە ڕوونبکرێتەوە، کە هەردوو وشەی (بەهێز و بێهێز)ی ئەم دوو گریمانەیەی قوتابخانەکە، دوور و نزیك پەیوەندی بە بەهێزی، یان لاوازی بەڵگە و بەڵگەهێنانەوە زانستییەکانی ئەو دوو گریمانەیەوە نییە، بەڵکو ناونانەکە لەوە هاتووە، کە هەریەك لەم دوو گریمانەیە بۆچوونی جیاوازییان لە سەر ڕێژەی کاریگەریی زمان، لە سەر بیرکردنەوە و درکپێکردن و ڕەفتارە زمانی و نازمانییەکانی ئاخێوەران هەیە. ئەم جیاوازییەش بەشێوەیەکە، کە (گریمانەی یەکەم باوەڕیوایە، کە ئەو زمانەی مرۆڤ قسەی پێدەکات، دیاریکەر و سنوردانەری ئەو ڕێگایەیە، کە مرۆڤەکە بیری پێدەکاتەوە و جیهانی پێدەبینێت. هەرچی گریمانەی دووەمی قوتابخانەکەیە پێیانوایە، کە زمان کاریگەری لە سەر فراوانبوون، یان تەسکبوونەوەی ئەو ڕێگایە هەیە، کە قسەکەر بیری پێدەکاتەوە و جیهانی پێدەبینێت و درکپێیدەکات، بەڵام گریمانەی دووەم، هەرگیز وەك گریمانەی یەکەم باوەڕییانوانییە، کە زمان بە تەواوی، بیرکردنەوە و جیهانبینی مرۆڤ دیارییکات، یان سنورداری بکات. باشترین بەڵگەش بۆ ڕەتکردنەوەی گریمانەی یەکەم و قبوڵکردن و کارکردن بە گریمانەی دووەمی قوتابخانەکە، دیاردەی بەرفراوانی فرەزمانییە، هەربۆیە گریمانەی بێهێزی قوتابخانەی زمانەوانیی ڕێژەیی هەر لە دەرکەوتنییەوە تا ئێستا بەردەوام بووە و سەرنجی زۆرێك لە لێکۆڵەرانی زانستەکانی وەك (زمانەوانیی، ئەنسرۆپۆلۆژی، کۆمەڵناسی، دەروونناسی) ڕاکێشاوە و لێکۆڵینەوەیان تێداکردووە، چونکە بە بۆچوونی گریمانەی بێهێزی زمانەوانیی ڕێژەیی، ئەو زمانەی مرۆڤ قسەی پێدەکات لە دەوڵەمەندکردنی بیرکردنەوە و درکپێکردنیدا بەشداریدەکات، نەك سنورداری بکات) (kay, and

(Kempton,1984, 65-78. هەر ئەمجۆرە بیرکردنەوە و گەشەکردنەی گریمانەی دووەمە، کە وایکردووە لە ئێستادا گریمانەی بێهێزی زمانەوانیی ڕێژەیی وەك خودی زمانەوانی ڕێژەیی تەماشا بکرێت و مامەڵە بکرێت. ئەمەش بە هۆی ئەوەی، کە گریمانەی دووەمی قوتابخانەکە زیاتر زمانەوانی نوێ پاڵپشتی دەکات و لەسەری دەڕوات، بەتایبەتی هەرسێ زانستی (زمانەوانیی کۆمەڵایەتی و پراگماتیک و زمانەوانیی درکپێکردن). بەمشێوەیە بنەمای زمانەوانیی ڕێژەیی باکگراوندی زمانەوانیی تاک دەنوێنێت، ئەو شێوازی قسەکردنەش، کاریگەریی لەسەر تێگەیشتنی چەمکێک، یان ڕووداوێک هەیە، چونکە ئەم دەربڕینە جیاوازانە، سروشتییە و بە پێویستییەکی کۆمەڵگا دادەنرێت و دەکرێت بەپێی تێپەڕبوونی کاتیش گۆڕانیان بەسەردا بێت. بەمپێیە ئەم هەمەجۆرییە لە ڕێزمانی زمانەکەماندا، وەک بنەمای سەرەکیی توانا درکپێکردنەکانی مرۆڤی کورد دەردەکەون، چونکە خووەکانی ئەو کۆمەڵگایەی، کە ئێمە تێیدا دەژین، ڕێنیشاندەری زمانەکەمانن، هەربۆیە گرنگیدان بە زمانەوانیی ڕێژەیی لە نێوان تیۆر و گریمانە و سەلماندنی، بە پێویستییەکی زمانەوانیی دادەنرێت.

### ١-١/١) تیۆری زمانەوانیی ڕێژەیی ( چەمك و تێڕوانین):

بۆ هەڵسەنگاندنی گرنگیی گشتیی زمان لە ژیانی کۆمەڵایەتی و دەروونیدا، پێشنیازی توێژینەوەیەکی وەها لەسەر زمانەوانیی ڕێژەیی پێویستە. هەرچەندە پەرۆشی بۆ زمانەوانیی ڕێژەیی، مێژوویەکی دوورودرێژی لە ڕۆژئاوادا هەبووە، بەڵام دەکرێت سەرەتای سەرهەڵدانی تیۆری زمانەوانیی ڕێژەیی(Relativity Linguistics) بگەڕێنینەوە بۆ(پێش سەدەی بیستەم، لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدە و سەرەتای سەدەی نۆزدەیەم، توێژینەوە بۆ زمانەوانیی ڕێژەیی لە ئەڵمانیادا بەرچاوتر بوو بەتایبەتی لێکۆڵینەوەکانی (Johan Georg Haman (١٧٣٠-١٧٨٨)، و ( johan Herder Gottfried(١٨٠٣-١٧٤٤)، و ( Von Wilhelm Humboldt(١٧٦٧-١٨٣٥) ئەم نوسەرانە کاتێکی زۆریان بۆ ڕۆڵی زمان لە هزری مرۆڤدا تەرخانکرد، بە تایبەت (هەمبۆڵد Humboldt) بیردۆزی زمانەوانیی ڕێژەیی (هەمبۆڵد)، بڕێکی زۆر زانیاری لەو زمانانەی لە سەرتاسەری جیهاندان، کۆکردەوە. هەربۆیە دەکرێت، بگوترێت بیرۆکەی هەمەجۆری، یان جیهانبینی بۆ (هەمبۆڵد)، دەگەڕێتەوە، بیرۆکەکە لەوەوە هاتوون، کە: " قسەکەرانی زمانە جیاوازەکان بە پشتبەستن بە قسەکردنی زمانەکەیان، بۆچونی دژ بە جیهان دەردەبڕن"( Grace, 2007,6). لێرەدا دەکرێت بگوترێت، (هەمبۆڵد) ئەم بیرۆکەیەی نەهێناوە، بەڵام ئەو یەکەم کەس بوو بە وردی وەسفی کردو یەکێکیشە لە یەکەم کەسەکان، کە ئاماژە بە پەیوەندیی نێوان زمان و بیر دەکات. هەربۆیە زمانەوانیی ڕێژەیی ،"ئەو بیرۆکەیەیە، کە ئەو زمانەی کەسێک بە شێوەیەک لە شێوەکان قسەی پێدەکات و کاریگەرییان لەسەر شێوازی بیرکردنەوەیان هەیە(Donnell, 2008, 4) ، هەروەک لە دەربڕاوەکانی نموونەی (٢)دا خراوەتەڕوو:

(٢): آ- (هونەرمەند)ەکان خەڵاتکران.

ب- (گۆرانیبێژ)ەکان بە کاری قاچاخییەوە دەستگیرکران.

پ- (لۆتی)ییەکانی ئەمڕۆ کۆمەڵگای کوردییان شێواندووە.

لە پاش وردبوونەوەمان لە هەریەکێک لەم دەربڕاوانە تێدەگەین، مەبەست لە(هونەرمەند، گۆرانیبێژ، لۆتی) هەرسێکیان بەرانبەر یەک کەس دەربڕاون، کە هەریەکەیان لە کەشێکی تایبەتدا دەربڕاون و هەریەکەیان بەشێوەیەکی ڕێژەیی کاریگەرییان لەسەر دەربڕاوەکان لە بیری مرۆڤدا هەیە، بۆ نموونە لە ڕستەی (٢- آ)دا جۆرێک واتا و هەست بەرانبەر (هونەرمەند) دەربڕاوە، لە چاو ڕستەکانی (٢- ب و پ)دا. پاشان (هەمبۆڵد) لای وابووە، کە" فرە چەشنیی زمانەکان هەمە چەشنیی نیشانەکان و دەنگەکان نییە، بەڵکو هەمەجۆریی بینینەکانی جیهانە لە دەوروبەردا"(King, 2011, 4)، بۆ پاساودانی ئەم ڕاستییەش، با لە نموونەکانی(٣) و (٤) وردبینەوە:

(٣): + عەربانەیەک (تێکەڵە) م بۆ ئامادە بکە بەیانی سەقفی خانووەکە تێدەکەین.

(٤): + قاپێک( تێکەڵە)م بۆ بهێنە.

لە تێڕامانی دوو ڕستەکەوە، کە وەک دوو دەوروبەری جیاوازی وشەی (تێکەڵە)یە، ئەو ڕاستییە دەردەکەوێت، کە ئەو زانیارییەی لە ڕستەی (٣)دا چنگدەکەوێت، تەواو لە هی ڕستەی (٤)جیاوازە، چونکە بەپێی دەوروبەر و بینینەکانی، چەمکی [تێکەڵە] جیاواز دەردەکەون، کە لە یەکەمیاندا مەبەست زانیارییە لە سەر کەرەستەی بیناسازیی (چەو و لم) و لە دووەمیشیاندا زانیاریی خواردنی مرۆڤە( شیرینی + محەلەبی)، واتە جۆری ماددەی تێکەڵکردنەکە ڕێژەی کەرەستە بەرهەمهاتووەکە دیاریدەکات، بەوەی لە ڕستەی (٣)دا، تێکەڵکردنەکە کەرەستەیەکی نوێ بەرهەمدێنێت، بەڵام لە ڕستەی (٤)دا، کەرەستەیەکی نوێ بەرهەمناهێنێت، هێندەی جۆرە خواردنێك دروستدەکات. لەم بیرۆکەیەوە ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە، ئەو زمان و ڕەفتاری زمانییەی، کەئێمە قسەی پێدەکەین، دەتوانن کاریگەریی لەسەر شێوازی بیر کردنەوەمان هەبێت. تەنانەت تێگەیشتن و ناچارکردنمان بۆ بیرکردنەوە لە لۆژیکێکی بەردەوام، کە بگونجێت لەگەڵ ڕێزمانی زمانەکەدا، دەسازێنێت. لەلایەکی ترەوە (هەمبۆڵد) لای وابووە، کە: (کارەکتەری ڕاستەقینەی هەموو زمانێک (فەرهەنگ و ڕێزمان)ەکەیەتی، کە لە داڕشتەی گشت گوتار و دەقێکدا دەبینرێتەوە. هەربۆیە ئەم پێیوابوو، کە ئەم تایبەتمەندییەی زمان خۆی لە سروشتی بەکارهێنانی ڕۆژانەی ئاخاوتنەکانی ئاخێوەرەکانیدا دەبینێتەوە، کە لەناو کۆمەڵگادا ڕۆژانە بۆ پەیوەندیکردن لەسەر هەردوو بنەمای فەرهەنگ و ڕێزمانی زمانەکەیان بەرهەمیاندەهێنن) (Grace, 2007, 6). جیهانبینی ئەو بۆ جەختکردنەوە بوو لەسەر پەیوەندیی گەورەی نێوان کلتورەکان، پاشان زیاتر فراوان کراوە ، کە (ئاخێوەرە جیاوازەکانی زمانە جیاوازەکان بۆچوونی جیاوازیان بۆ ئەو جیهانەی تیایدا دەژین، هەبووە و لای وابووە زمان بە هیچ شێوەیەک تەنیا ئامرازی پەیوەندی نییە، بەڵکو ئاوێنەی عەقڵ وجیهانبینی قسەکەرە)(بنی عطا، ٢٠٢٠ ، ٤٥٤). بۆ نموونە بە پێی ئەم تێڕوانینە، با لە نموونە ڕستەکانی ژمارە(٥) و (٦) بڕوانین:

(٥) : + ئێمە دەزانین، کە ئێوە نازانن.

(٦) : + ئێمە نازانین، کە ئێوە دەزانن.

لە پاش سەرنجدان لە نموونە ڕستەکانی (٥) و (٦) تێدەگەین، کە جۆری ڕستەکان ئاوێتەن بەوەی، کە لەڕستەی(٥)دا، ڕستەی یەکەمیان ئەرێیە و ڕستەی دووەمیش نەرێیە، ئەرێی ڕستەی یەکەم لە چوارچێوەی کردارەکەدایە و نەرێی ڕستەی دووەم لە چوارچێوەی ڕستەکەدایە، ڕستەی (٦)یش بەهەمانشێوە، ڕستەیەکی ئاوێتەیە، بەڵام ڕستەی یەکەمی نەرێیە و ڕستەی دووەمی ئەرێیە، کە نەرێی ڕستەی یەکەم لە چوارچێوەی کردارەکەدایە و ئەرێکەشی لەچوارچێوەی ڕستەکەدایە، بەمپێیە زانینی ئێمە دەربارەی ئێوە دەکرێت دوو ئاڕاستەی هەبێت: ( یەکەم: ڕاستن لە نەزانینتان، دووەم: ڕاست ناکات لە نەزانینتان)، کەواتە ئەم زانیارییە ئاوێنەی عەقڵ و جیهانبینی قسەکەرە و مەودای بینینەکەشی لای کەسی گوێگر یان ئەوەتا: ڕاستەکەی نازانیت، یان ڕاست ناکات.

دوابەدوای ئەم بۆچوونانەی زمانەوانیی ڕێژەیی، ناکرێت کارەکانی( boas Franz فرانز بۆس) لە بیر بکرێت لە ساڵانی(١٨٥٨-١٩٤٢)دا، (بۆس) قسە و باسەکانی لەسەر ئەوە بوو، کە: (لە هەموو زمانێکدا خەڵک دەتوانێت بە چەند شێوازێکی جیاواز

وشه دەربڕێت، لە کاتێکدا وشەکە، وەک یەک وشە دەناسرێتەوە بەشێوەیەکی سەرەکی، ئەمەش ئەو شتە بوو، کە پێیدەگوت ( ڕێژەگەرایی کلتوریی cultural relativism). ئەمەش بەواتای ئەوەی ئەو توخمانەی، کە لە جیهانی یەک کلتوردا گرنگن، ڕەنگە دەربکەون بۆ کلتورێکی تر بێمانایە، واتە پەیوەندیی بە ڕێژە بوونی زمانیی کلتور هەیە، وەک زمان و کلتور)(Grace , 20007, 7)، بەمپێیە زمان و کلتور لە نزیکەوە پێکەوە بەستراون، ئەگەر دوو کلتور بایەخ بە چەمکە جیاوازەکان بدەن، ئەوا ئەم جیاوازییە کلتورییانە بە زمانە تایبەتەکانیان ڕەنگدەداتەوە، بۆیە چەمکەکان لە زمانە جیاوازەکاندا جیاوازن، ( بۆنموونە: ئەگەر سەیری فەرهەنگی زمانی عەرەبی وئینگلیزی سەبارەت بە چەمکی(کات) بکەین، دەردەکەوێت، هەر زمانە و میتۆدی پێکهاتن و گۆشەنیگای کلتوریی لە بارەیەوە جیاوازە، بۆیە چەمکی (کات) دەرئەنجامی جیاوازییە لە تیگەیشتنەکان)(بنی عطا، ٢٠٢٠، ٤٥٤)، لە سیستەمی کرداری زمانی کوردیشدا، چەمکی کات وەک دیاردەی هەمەجۆری زمانی خۆیان دەنوێنن، بە چوار شێوە چەمکی کاتی ڕابردوو دەنوێنرێت، کە ئەوانیش بریتین لە: ڕابردووی (سادە، تەواو، بەردەوام، دوور)، هەروەها(بونی فۆڕمی جیاواز بۆ هەمان کردار کاتێک لە ڕابردووەوە دەکرێتە ڕانەبردوو، هەروەها پەیوەستبوونی زۆرینەی کردارەکانی زمانی کوردی بە دیاردەی میتافۆڕییەوە، وەک دیاردەی هەمەجۆری زمانی دەنوێنریت).(قادر، ٢٠١٣، ١٥)، بەمەبەستی زیاتر تێگەیشتن لەم دوو دیاردە زمانییەش لە زمانەکەماندا و چۆنییەتی درکپێکردنی، وەک دیاردەیەکی هەمەجۆری زمانی، با لە نمونە ئاخاوتنییەکانی ژمارە (٧) و (٨) بڕوانین:

(٧) : ا- من هاتم. (ڕابردوو) من دێم. (ڕانەبردوو)

ب- من گوتم. (ڕابردوو) من دەڵێم. (ڕانەبردوو)

(٨) :

آ- من کیفەکەم خستە جانتاکەمەوە. ◄——— بەکاربردنی مۆرفۆسینتاکسییانەی مێتافۆڕییانە دەیکاتە ( تێمخست).

ب- بێزەحمەت ئەو جانتایەم بۆ بگرە. ◄——— بەکاربردنی مۆرفۆسینتاکسییانەی مێتافۆڕییانە دەیکاتە (بۆمبگرە).

ئێستا ئەگەر لە ڕستەکانی نمونەی (٧) وردبینەوە، دەبینین، کە فۆڕمی کردارەکان لەکاتی گەردانکردنیان لە ڕابردووەوە بۆ ڕانەبردوو گۆڕاوە. ئەم دیاردەیەش بۆکەسێک زمانی کوردی زمانی دایکی نەبێت، ئاڵۆزە، بەڵام بۆ کەسێک، کە زمانی کوردی زمانی دایکی بێت، توانای دەربڕینی زیاد دەکات و بەهۆی ئەم هەمەجۆرییە زمانییەوە، وردەکاری کات و شوێن و چۆنییەتی ڕووداوەکە، تا ڕادەیەکی باش دەخاتەڕوو. بەهەمانشێوە لە نموونە ئاخاوتنییەکانی نمونەی (٨)ەوە، ئەوەمان بۆڕووندەبێتەوە، کە زۆرینەی ئەو کردارانەی، کە لە زمانی کوردیدا بە مۆڕفۆسینتاکس بەکاردەهێنرێن بە شێوەیەکی مێتافۆڕییانە، بەجۆرێک لە جۆرەکان پەیوەستدەکرێن بە دیاردەی تابۆوە، بۆ نمونە کاتێک بمانەویت، ڕستەیەکی وەک (٨- آ و ب ) لە ڕێی کردارەکانییەوە بکەین بە مۆڕفۆسینتاکس دەبێت بە (تێمخست، بۆمبگرە)، کە دەتوانرێت بەهۆی گۆڕینی ئاوازی ڕستە مۆڕفۆسینتاکسییەکەوە، پەیوەستی بکەین بە میتافۆڕەوە، واتە دەتوانرێت واتا فەرهەنگییەکە بە واتایەکی میتافۆڕی بگۆڕێت. هەربۆیە لە سیستەمی زمانی کوردیدا کاتێک ڕستەیەک دەکرێت بە مۆڕفۆسینتاکس ڕاستەوخۆ پەیوەست دەکرێت بە دیاردەی میتافۆڕەوە و دەربڕینی ئەم دەربڕاوانە دەبێت بە وریاییەوە بەکاربهێنرێت، هەربۆیە زۆرجاریش وا پێویست دەکات، پەرژینە زمانییەکان بۆ ئەمجۆرە دەربڕاوانە بەکاربهێنرێت وەک: ( عەیب نەبێت، بیلامانا،....)، دواجار ئەمانەش توانای دەربڕین لە زمانەکەماندا زیاد دەکەن. هەر سەبارەت بە پەیوەندیی زمان و کلتور، (بۆس) سێ خاڵی سەرەکی سەبارەت بە ڕۆڵی زمان لە کلتوردا دیاریدەکات: (یەکەم: سەرەتا تێبینی ئەوەی کرد، کە زمان ئەزموون پۆل دەکات ، چونکە کۆی مەودای ئەزموونی تاکەکەسی، کە زمان خزمەتی دەربڕین دەکات بێکۆتا جیاوازە، هەموو مەوداکان دەبێت دەربرڕێن لەلایەن ژمارەیەکی سنووردار لە گرووپە دەنگییەکان. دووەم: ئەزموونی زمانە جیاوازەکان لە پۆل کردن بەڕێگەی جیاواز دەبێت و بە هیچ شێوەیەکیش لە سەر بنەماکانی پۆل کردنی زمانە جیاوازەکان هاوڕانین. سێیەم: (بۆس) بانگەشەی ئەوەی کرد، بنیاتنانەکانی زمانەوانی لەلایەن سروشتەوە بێهۆشن، بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی و بێ ئامادەکردنێکی زۆر بەرهەم دەهێنرێت) (Grace, 2007, 7-8). هەربۆیە زمان و هەمەجۆرییە زمانییەکان بۆ ژیانی تاک و پەیوەندییەکانی و خۆگونجاندنی، لەگەڵ خودی خۆی و تاکەکانی تری کۆمەڵگادا گرنگن، ئا لێرەدا، هەمەجۆرییە زمانییەکان خۆیان دەکەن بە ژیانی ئەو تاکەدا، هەربۆیە (هەوڵدەدات ئەو بۆشاییە واقیعی ومرۆڤانەی بۆ پڕبکاتەوە، ئەگەر بە شێوەیەکی ناواقیعیش بێت. بێگومان چۆنییەتی و چییەتیی پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییە واقیعییانەی مرۆڤیش بە جیاوازییە زمانییەکانی زمان، لەسەر دوو بنەما ڕاوەستاوە، کە بریتین لە: (یەکەم: بوونی ئەو جیاوازییە زمانییانە لە خۆدی زمانەکەدا. دووەم: شارەزایی ئەو تاکە لەم جیاوازییە زمانییانەدا)(قادر، ٢٠١٣، ١٤). سەرکەوتنی ئاخێوەریش لەم بوارەدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، تا چ ڕادەیەک شارەزایی لەم وشانەدا هەیە لەڕوی چۆنییەتی بەرزبوونەوەی ڕێژەیی تێیاندا، هەمبەر بە بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکان، واتە تا ئاخێوەر وشەی زیاتر لە زمانەکەیدا بزانێت، ئەوا زۆر زیاتر سانایيانە دەتوانێت، ڕێژەی واتا و ڕێژەی هەستی جیاواز لە سەر چەمکەکان، هەم درکپێبکات و هەمیش لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوەیدا تێیانبگات، بۆ پاساودانیش، با بڕوانینە نموونە ئاخاوتنییەکانی ژمارە (٩)، کە واتا جیاوازەکانی چەمکی (مردن) دەنوێنن:

(٩):

ا- گەنجەکە مرد.

ب- گەنجەکە ماڵئاوایی کرد.

پ- گەنجەکە گیانی بە خاک سپارد.

ت- گەنجەکە دڵە گەورەکەی لە لێدان کەوت.

ج- گەنجەکە خۆری تەمەنی کۆژایەوە.

ح- گەنجەکە شەهید بوو.

خ- گەنجەکە جوانەمەرگ بوو.

د- گەنجەکە پەپولەی تەمەنی کوژایەوە.

ز- گەنجەکە لەولاتر چوو.

ر-گەنجەکە گۆڕ بە گۆڕبوو.

س- گەنجەکە لاربویەوە.

ش-گەنجەکە تۆپی.

بە وردبوونەوە لە نموونە ئاخاوتنییەکانی ژمارە(٩)دا، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە هەموو ئاخاوتنەکان دەربڕی هەمان چەمکی(مردن)ن، بەڵام هەریەکەیان لایەنێکی جیاوازی چەمکی مردن دەپێکن و دەیخەنە ڕوو. بۆ نموونە سێ ڕستەی یەکەمیان(٩- آ و ب و پ)، لە بارودۆخێکی کۆمەڵایەتیی ئاسایی، یان تا ڕادەیەک ئاسایی بەکاردێن و پێنج ڕستەی (٩- ت و ج و ح و خ و د )یشدا، لایەنێکی پۆزەتیڤی چەمکی(مردن)کێشراوە، مەبەست لێی ئەوەیە، ڕاستە مرۆڤەکە مردووە، بەڵام خۆشەویستی و چاکەو کەمی تەمەنی کەسە مردووەکە بووەتە بنەمایەک بۆ دەربڕینی ئەمجۆرە دەربڕینە پۆزەتیڤانەی چەمکی(مردن). لەبەرانبەردا، ئەگەر لە ڕستەکانی(٩- ز

و ر و س و ش )وردبینەوە، دەبینین لایەنی نێگەتیڤی چەمکی(مردن) نیشاندەدەن، ئەویش بەواتای ئەوەی ڕقی لە کەسە مردووەکە بووەو بە دڵی ئەم نەبووە، یان ئەوەتا خراپەی لەگەڵدا کردووە، بۆیە ئەم چوار ڕستەیەی خوارەوەیان لە بارودۆخێکی هەڵچوودا بەکاردەهێنرێن. ئەمە جگە لەوەی، کە هەر ڕستەیەک لەم ڕستانەی (٩) بە پێی جیاوازی دەربڕینەکانیان، ڕێژەی زبرێتییەکەشیان گۆڕاوە. هەر سەبارەت بە بیروبۆچوونەکان لەسەر بوونی زمانەوانیی ڕێژەیی، ئەگەر بگەڕێینەوە سەر کتێبەکانی کەلەپوری ئیسلامی، ئەم بینینە تیایاندا پەرشو بڵاوە . ناسنامەی چەمکی ئەم بیردۆزە کاتێک دیارە، کە (ابن جنی) لە باسی پێناسەی زمان گوتی: (سنوری زمان ئەو دەنگانەی زمانە، کە هەموو خەڵکێک، بەمەبەستی خۆیان دەریدەبڕن، ئەمەش تاڕادەیەکی زۆر، لەگەڵ بیردۆزی ڕێژەییدا دەگونجێت و دوولایەن دووپات دەکاتەوە، یەکەمیان: کە لایەنی دەنگییە، بریتییە لە دەربڕینی مەبەستەکانی هەرکام لە خەڵک وئارەزووەکانیان، بەگەیاندنی دیدی خۆیان، کە جیهانی دەرەوەی خۆیان دەبینن لە چوارچێوەی ژینگە و کۆمەڵگا ، دووەمیان: شێوازی بیرکردنەوەی زمان لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر دەگۆڕێت، ئەمەش مانای جیاواز دەگەیەنێت) (بنی عطا، ٢٠٢٠، ٤٥٧-٤٥٨). بۆ پاساودانی ئەم ڕاستییەش، گەر لە نموونەی(١٠) بڕوانین، ئەم ڕاستییەمان بۆ ڕووندەبێتەوە:

(١٠): آ- دیاریکردنی واتایەک لە ڕێی فۆنیمی یەکەمی وشەکەوە، وەک تێگەیشتن لە واتای جنێوەکان[ ح، ق، س...]

ب-ناسینەوەی وشە لە ڕێی دەنگێکەوە. وەک[ ئ، خ، ش...]

لە پاش سەرنجدان لە نمونە دەربڕاوەکانی نمونەی(١٠)دا ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە، کە هەردوو ڕستەی (١٠-آ و ب)، دەتوانرێت بەهۆی فۆنیمی یەکەمی وشەکانەوە، هەم وشەکانی پێبناسینەوە، هەم واتاکەشیان بۆ ئاشکرا ببێت، هەربۆیە سەرجەمی پەیپێبردنەکە لەسەر ناسینەوەی فۆنیمە بەکارهێنراوەکان وەستاوە، چونکە ئەمانە بنەمای دروستبوون و بەستنەوەی وشەکانە بە فۆنیمەکانەوە ئەوەی، کە گرنگ بێت لێرەدا، دەربڕینی ئەم فۆنیمانە و تێگەیشتن لێیان، لەلای گوێگر لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر، ڕێژەییانە گۆڕان بەسەر واتای وشەکاندا دێت، هەربۆیە پەیپێبردنی واتاو ناسینەوەی وشەکان لە ڕێی فۆنیمەکانەوە وەستاوە لەسەر ئەوەی، کە ئایا " ئەو هێزو تۆنەی بەکارهێنراوە لەلایەن قسەکەرەوە، چی پەیپێبردنێک لەلای گوێگر دروست دەکات؟ ئایا فۆنیمەکان و بڕگەکان بە پاکی و بە بێخەوش گەیشتوونەتە لای گوێگر؟ ئایا گوێگر چ زانیارییەکی پاشینەی هەیە و پەیپێبردنی پرۆسە ئەبستراکتەکە لە هزری گوێگردا چەند کاتی خایاندووە و تا چەند توانیوویەتی نەخشەی هزری خۆی لە نەخشەی هزری قسەکەر نزیکبکاتەوە"(قادر و فەرەج و مەحموود، ٢٠١٧، ٢٨٦). هەر لەبەر ئەم هۆکارانەیە، کە توانای تێگەیشتن لەم تاکە فۆنیمانە ڕێژەییە و لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تریش واتاکەی ڕێژەییانە گۆڕانی بەسەردا دێت، بەتایبەتتر لە کاتی وەرگێڕان، یان بۆ کەسێک، کە بیەوێت فێری زمانی دووەم ببێت.

پاشان پەیدابوون و مێژووی ئەم دواییەی زمانەوانیی ڕێژەیی دەگەڕێتەوە بۆ نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم، کە بە گریمانەی (sapir-whorf ساپیر- ۆرف)، یان زۆر جار بەسادەیی بە گریمانەی ورفیزم (ورفگەرایی) ناسراوە. گریمانەکە بەناوی( ئێدوارد ساپیر ١٨٨٤-١٩٣٩)و (بنیامین لی ۆرف ١٨٩٧-١٩٤١) ناونراوە و بە زۆری لە ڕێگەی کارەکانی (ساپیر)ەوە هاتە پێشەوە و دەربڕینی ( زمانەوانیی ڕێژەیی) ناساند، ڕێساو و پێناسەکەی بەشێوەیەکی ڕاست دەرخست و لایوابوو، کە: "زمان کاریگەرییەکی زۆر بەهێزی لەسەر بیرکردنەوە هەیە". (Grace, .2007, 8-9). بیرەکە لەوەوە هاتووە، کە پەیوەندییەکی سیستماتیک لە نێوان زمانێک و ئەوانەی، کە قسەی پێدەکەن، هەیە. ئەم دیاردەیە لە زمانە هەمەجۆرەکاندا زیاتریشە، بۆیە جیاوازی لە نێوان قسەکەرانی زمانە جیاوازەکاندا هەیە، کە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر لێکۆڵینەوەی زمان لە چێوەی زمانەوانیدا هەبووە، کەواتە ( قسەکەرەکان هەر یەکە و بە پێی ڕێزمانی خۆی و بە جۆرێکی جیاواز چاودێریی جیهان دەکەن)( Bennardo, 2003, 5 ). لێرەدا ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە، کە گریمانەی زمانەوانی ڕێژەیی بە شێوەیەکی توند پەیوەندیی نێوان زمان و بیر و کلتور دیاریدەکات، هەموو زمانەکانیش سیستەمی ڕێزمانیی جیاوازیی خۆیان هەیە، بۆیە دەکرێت، ڕێسای ڕێژەیی ئەو جیاوازییانە دەربخات، کە لەسەر زمانە جیاوازەکان دەیزانین. سەبارەت بەمە (ساپیر) نوسیویەتی:" هەرگیز هیچ دوو زمانێک، وەک پێویست ڕەچاوی هەمان واقیعی کۆمەڵایەتی ناکەن"( Donnell, 2008, 5). ئەوەی لێرەدا گرنگ بێت، هەڵسەنگاندنی پرسە ئاڵۆزەکانی، وەک ئەوەی چۆن (زمان و بیرو کلتور) کاریگەرییان لەسەر فێربوونی زمان هەیە؟ بەمەش توێژینەوەکە هەوڵێکە بۆ ڕۆشنگەری و تێگەیشتن لە ڕێژەیی بوونی زمانیی و پەیوەندیی، لەگەڵ فێربوونی زمان و ئاڕاستەکردن بۆ ئەوەی چۆن پەروەردەکاران بتوانن بە واقیعیانە گریمانەکە بەکاربهێنن، کاتێک بیر لە ڕاهێنانەکانی فێرکردن دەکەنەوە لە قوتابخانەی فرە کلتوریدا، (چونکە زمان لە خۆیدا دامەزراوەیەکە لە پەیوەندییە ڕووتەکانی داتا زمانییەکان، کە بە هۆیانەوە ئامرازی پەیوەندیکردن و بە یەکگەیشتن و بیرکردنەوە و تێڕامان و گوزارشت بە مرۆڤ دەبەخشێت. ئەمەش بووەتە بنەمای زمان لەسەرجەم بوارەکانی ژیاندا، بە ڕادەیەک ئەم گرنگییەی لە خۆیەوە بۆ ئەو زانستەش گواستۆتەوە، کەڕاستەوخۆ کاری لەسەر دەکات.)(قادر، و فەرەج، ٢٠١٢، ٦). بۆیە توێژینەوەکە جەخت دەکاتەوە لەسەر بەکارهێنانی دەربڕینە ڕێژەییەکانی زمان لە ڕاهێنانی فێرکردن و سنووردارکردنی گریمانەکە و پاشانیش پێوانەی ئاگادارکردنەوە پێویستە لە کاتی فێرکردندا، لێرەدا ئەرکی زمان دەبێت، ئەم ڕۆڵە بە باشترین کارامەیی جێبەجێبکات. کەواتە (زمان بەمشێوەیە بە سروشتی خۆی بۆخزمەتکردن بە زانین داڕێژراوە، واتە دەبێت، بتوانێت هەموو پێداویستییەکان کۆد بکات سەبارەت بە ڕاستیی دروستیی زمان، دەبێت بە شێوەیەک بێت، کە ئاسانکاری بکات بۆ گونجاندن)( Niemeier, and Dirven, 1999 ,73). بەمشێوەیە زمان دەبێت ئەرکی خۆی بە باشترین کارامەیی جێبەجێبکات، کە باشترین ئاسانکارییە بۆ ناسینەوەی ژینگەیەکی کلتوری و کۆمەڵایەتی، کەواتە ئەو شێوازەی، کە ئێمە جیهانی پێدەبینین و بە بێسەپاندنەوە بیری لێدەکەینەوە، بەڕوونی کاریگەریی لەسەر شێوازی زمانەکە هەیە. ئەگەر ئێستا یەکێک بپرسێت، چ بنەمایەکی گرنگ کاریگەریی لەسەر شێوازی زمان هەیە، کاریگەرترین بۆچوونیان ئەوەیە: "پێدەچێت واقیع ببێتە کاندیدێکی ئاشکرا، چونکە زمان دەربارەی واقیعە و بەوشێوەیەش هیچ سەیر نییە، بەڵام ئەم کاریگەرییە تەنها بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەتوانێت لە ڕێگەی لێکدانەوەی ئێمە بۆ ڕاستی بێتە دی"(سەرچاوەی پێشوو ،٧٣). لێرەدا ئەزموونی تاکەکەسی کاردەکاتە سەر تێگەیشتن لە واقیع، هەر بۆیە (زمان دەتوانێت کاریگەریی لەسەر بیرکردنەوە دەربارەی واقیع هەبێت، ئەمە لە کاتێکدایە، کە لێکەوتەکانی گریمانەی ڕێژەیی بە پێی (پینکەر) شێلگیرانە، وەک ئەوەی، کە ئەو جۆرە بنچینەییانەی واقیع لە جیهاندا نییە، بەڵکو لەلایەن کلتورەوە سەپێنراوە)(Blackmore, 2012, 9). هەر سەبارەت بە پەیوەندیی نێوان زمان و کلتور و واقیع، (ساپیر) باس لەوە دەکات، کە "زمان ڕێبەرێکە بۆ واقیعی کۆمەڵایەتی، باوەڕیوابوو، کە پەیوەندیی نێوان زمان و کلتور ئەوەندە بەهێزە، کە جیا ناکرێتەوە"(Grace, , 2007, 9)، هەر لەبەر ئەمەیە، کەوا ئەزموونی ئێمە لە دەست خۆماندا نییە، بەڵکو لە پێشدا دیاری کراوە، لەلایەن زمانەکەمانەوە، بە واتایەکی تر

خووەکانی ئەو کۆمەڵگایەی، کە ئێمە تێیدا دەژین، ڕێنیشاندەری زمانەکەمانن. لێرەدا باب‌ڕوانینە نمونەکانی(١١) و(١٢):

(١١): + کەم سەربکەن بەیەکا (کەم پێبکەنن و قسەبکەن).

(١٢): + ئەوەندە (حیلکە حیلک) مەکەن.

بە وردبوونەوەمان لە نموونەکانی (١١) و (١٢)دا، ئەوە ڕووندەبێتتەوە، کە دەربڕاوەکان هەمان چەمکیان دەربڕیوە. ئەمەش بۆخۆی گرفتێکە ڕووبەڕووی کەسی فێرخواز دەبێتەوە، کە بیەوێت فێری زمانی دووەم ببێت، بۆیە گرنگە لە پرۆسەی فێربووندا، گرنگی بە دەوروبەری کۆمەڵایەتی بدرێت، بۆئەوەی خێراتر فێری زمانی دووەم ببن. بەم پێیە (تا فێرخواز زیاتر ڕۆشنبیر بێت بەکلتووری زمانی دووەم، هێندە چالاکانەتر دەتوانێت کۆنترۆڵی پێناسی کەسێتیی خۆیی و بەرانبەرەکانیشی بکات)(قادر، ٢٠١٤ ،١٢-١٣). بەمشێوەیە دەتوانرێت بگوترێت، بۆ دروستکردنی واقیع و ئەزمونەکانمان مرۆڤ ئاگای لەوە نییە، کە چۆن جیهانەکەی خۆی لەدەوروبەردا دروستدەکات، هەر لەمبارەیەوە (ۆرف) دەڵێت: " دروستکردنی واقیع لە لایەن مرۆڤەوە ئەنجام دەدرێت، لە ڕێگەی پرۆسەیەکی بنەڕەتی مەعریفی پۆلێن کردنی ئەزموونەوە. ئەم پۆلێن کردنە لە ژێرکاریگەریی زمانەوانیی ئێمەدایە" (Ghosh, 2019, 3). لەدوای دەرچوونی ئەم کارانە، چەند توێژینەوەیەک کراون بۆ پشتگیریکردن یان ڕەتکردنەوەی ئەم گریمانەیە، بۆیە زمانەوانیی ڕێژەیی دووبارە پێداچوونەوەی بۆ کرا، کە ناسینەوەی شتێک لە لایەن قسەکەرێکی زمانەوە جیاوازە، لە سیستەمی چەمکی ئەو قسەکەرە، چونکە سیستەمی چەمک بریتییە لە:" شێوازی زمانیی کەسێک، کە چەمکەکەی پێدەربڕیوە)(سەرچاوەی پێشوو،٥)، بۆ نموونە ڕەنگە زمانێک هەبێت تەنها دوو زاراوەی ڕەنگ بەکاربهێنێت، یەکەمیان بۆ دەربڕینی هەموو ڕەنگە تاریکەکان و دووەمیان بۆ دەربڕینی هەموو ڕەنگەکانی ڕووناکی، بەڵام زمانێکی تر هەموو زاراوەی ڕەنگی بنەڕەتیی هەیە، کە پەیوەندیی بە جەختکردنەوە لە ڕەنگی جیهانییەوە هەیە. هەرچۆنێک بێت، توانای تێگەیشتن لە جیاوازییەکانی نێوان ڕەنگەکانی جەختکردنەوەی بنەڕەتی دەمینێتەوە و هەمان شتن. هەر بۆیە ڕێژەیی بریتییە لە:" ڕێکخستن و پۆلێن کردنی ئەزمونەکانمان لە ژێرکاریگەریی ئەو زمانەی، کە ئێمە قسەی پێدەکەین" (سەرچاوەی پێشوو،٥). کەواتە دوو زمان لەوانەیە، پەیوەست بن بە دوو سیستەمی چەمکی جیاواز، بەشێوەیەکی بنەڕەتی بۆ شێوەیەکی مامناوەندییانە، بۆیە هەرچۆنێک بێت ئێمە هەندێک توانای بنەڕەتیی مەعریفیی هاوبەش هەست پێدەکەین. هەمووئەم ڕوونکردنەوانە بەوە دەگەن، کە (گریمانەی ۆرف)، یەکێکە لە باشترین لێدوانەکانی ڕێژەیی و لایوابووە، زمان کاریگەریی لەسەر بیرکردنەوە هەیە، هەربۆیە ئەم بۆچوونەی (ۆرف) هاوڕابوو، لەگەڵ بۆچوونەکەی (ساپیر)دا، کە هەردووکیان ڕێک بوون لەسەر ئەوەی، زمان کاریگەریی لەسەر تێگەیشتن هەیە، واتە ئەو زمانەی، کە ئێمە قسەی پێدەکەین، کاریگەریی لەسەر شێوازی بینینی جیهان هەیە. لەسەرەتادا گریمانەی (ساپیر-ۆرف) پشتگیریکرا لەلایەن (ساپیر) و دواتر لە لایەن (ۆرف)ەوە ناوبانگی زیاتری دەرکرد، کە بە ئاشکرا پڕوپاگەندەی کرد، کە: " زمانەکان کاریگەریی تایبەتیان لەسەر قسەکەرانی ڕەسەن هەیە بەو جۆرەی، کە پەیوەستن بۆ دەربڕینی بیروباوەڕ و چەمکەکانیان بەمانایەکی دیاریکراو و سنووردار" (Adekunle, 2015, 19).

کەواتە بەشێوەیەکی گشتی ئەو گوتانەی (ۆرف)، کە بەشداری گریمانەی ڕێژەییدەکات، بریتین لە: (یەکەمیان: ۆرف پێی وابوو، کە زمان کاریگەرییەکی زۆر بەهێزی لەسەر بیرکردنەوە هەیە، دووەمیان: پێیوابووە ئەو جیهانەی، کە ئێمە چاودێری دەکەین، دیدێکی بابەتیانە بۆ واقیع نییە، سێیەمیان: سروشت بە درێژایی ئەو هێڵانەی، کە لە لایەن زمانە ڕەسەنەکانەوە دانراون، جیادەکاتەوە، یەکێکیتر لەوخاڵانەی، کە (ۆرف) هەمیشە مشتوومڕی لەسەر کردووە ئەوەیە، کە (پۆل کردنەکانی زمانەوانیی بۆ تێگەیشتن لە ئەزمونێکدا بەکاردەهێنرێت)(Grace, 2007, 11)، بۆ نموونە وشەی (شەپۆل) لە زمانی کوردیدا ئەو واتایەی نییە، کە لە زمانی ئینگلیزیدا هەیەتی، چونکە ئەزمونی واقعی مرۆڤی ئینگلیز، لەگەڵ ئاو و دەریادا، زۆر زیاترە وەک لە ئێمە، بۆیە ڕێژەی واتا و هەستەکەشی، کە دەریدەبڕێت جیاوازە. کەواتە بۆئەوەی پشتگیری تیۆری زمانەوانیی ڕێژەیی بکەین، دەبێت دان بەوەدا بنێین، لە جیهاندا هەندێک شت لە زمانی تایبەتدا هەن، کە بابەتی نین، بەڵکو بە زمانی ئێمە دەورەدراون. لێرەدا ئەوە ڕووندەبێتەوە، کەتێگەیشتنی تاکەکان لە ڕستە و دەقەکان و ئەو زانیارییانەی هەڵیانگرتووە، لەسەر بنەمای تاکەکان و هۆکارەکانی جیاوازیی زمانی تاکەکان دەگۆڕێن. بەمشێوەیە دەتوانرێت بگوترێت، کە" پەیبردن بە شێوازی قسەکردنی تاکەکانی کۆمەڵگا بە یەکێک لە هەرە ئەرکە ئاڵۆزەکانی زانستی زمانی کۆمەڵایەتی دادەنرێت، بەڕادەیەک، کە نەخشەکێشانی ئەو جیاوازییە زمانییانەی لە زمانی قسەکردنی تاکەکاندا هەیە، کارێکی فرە ڕەهەندی، تا ڕادەیەک ئەستەمە ئەمەش بەهۆی ئەوەی، کە ژیانی تاکەکانی و بیروبۆچوون و دنیا بینینیان، بەردەوام لەگۆڕاندایە"( قادر، ٢٠١٢، ٦ ). هەربۆیە لێکۆڵینەوە لە شێوازی قسەکردنی تاکەکانی ناو هەر زمانێک ئەستەمە ، چونکە زمانی قسەکردنیان و گۆڕان لە بیرکردنەوەشیاندا بەردەوام بەرەو گۆڕان دەچێت. بۆنموونە، با بڕوانینە نموونە ئاخاوتنییەکانی (١٣)و(١٤):

(١٣): + منداڵەکان زوو (بخەوێنە).

(١٤): + منداڵەکان زوو (بتۆپێنە).

ئێستا ئەگەر لە هەردوو دەربڕاوەکانی نموونەی (١٣) و (١٤) وردبینەوە، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، ئاخاوتنەکان هەر هەمان ئاخاوتنن و هەمان چەمك دەگەیەنن و بۆ گەیاندنی جێبەجێکردنی هەمان ئەرك دەربڕدراون، بەڵام بەوردبوونەوە لە دوو دەربڕاوەکە، دەبینین لە ڕستەی(١٣)دا، وشەی(بخەوێنە) بەکارهاتووەو لە ڕستەی(١٤)دا، وشەی (بتۆپێنە) بەکارهاتووە. ئەمەش ڕاستەوخۆ کاریگەریی لەبەرهەمهێنانی ڕێژەی دەربڕاوەکان و پاشان کاریگەریشی لەسەر تاکی قسەکەر و شیکردنەوەی کەسایەتییەکەی دەبێت. یەکێکی تر لە ناساندنەکان، کە بۆ زمانەوانیی ڕێژەیی کراوە، دەڵیت:" جیاوازی لە زماندا دەبێتە هۆی جیاوازی لە شێوازی بیرکردنەوەدا، چونکە زمان نایەت ڕاستییەکی بابەتی باس بکات، بەڵکو زمان خۆی بە کلتوری دەناسێنێت"(Grace, 2007, 15)، بۆیە هەرسێ زمانەوانان (بۆس وساپیر و ۆرف) دەریانخستووە، کە پەیوەندییەکی نزیک لەنێوان زمان و کلتوردا هەیە و لە نزیکەوە گرێدراون. بۆیە زۆرحاڵەت هەیە، کە وشەیەک لەیەک زماندا ڕاستەوخۆ ناگونجێت، لەگەڵ یەک وشە بە زمانێکی تر. بۆیە بیرۆکەی (بۆس) لە کلتوری ڕێژەیی "ئەو شت و شتانەی بۆ کلتورێک گرنگن، ڕەنگە بۆ کلتورو زمانێکی تر بێ واتابن"(سەرچاوەی پێشوو، ١٦-١٧). ئەم بۆچوونەی (بۆس)، دەکرێت بۆ هەمان کۆمەڵگاش، کە خاوەنی کلتوری جیاوازن و بە دەربڕینی جیاواز ڕێژەییانە دەوروبەریانی پێدەبینن، هەر ڕاست بێت، لێرەوە بۆ ئەم مەبەستە، با لە نموونە ئاخاوتنییەکانی ژمارە ( ١٥) و (١٦) بڕوانین:

(١٥): آ- ئا بێدەنگ بن تا (حەیتە)کەم بۆ بانگ نەکردوون. (شارەزوور)

ب- ئاگاداربن (ئاشە قژ درێژ)ەکە نەیەت بۆتان. (شارەزوور)

(١٦): آ- ئەگەر بێدەنگ نەبن (سەر قژن)ەکە دێت بۆتان. (سلێمانی)

ب- نەچنە سەربان (شەولەبان)ەکە لەسەربانە. (سلێمانی)

لە پاش سەرنجدان لە نمونە ئاخاوتنییەکانی ژمارە (١٥) و (١٦)دا، ئەوە ڕووندەبێتەوە، کە چەندین نموونەی چەمکە ئەبستراکتەکان هەن، کە لە کلتورێکدا

گرنگن، ڕەنگە لە کلتورێکی تردا دەربکەوێت، بێواتا بێت، وەک لە کلتوری مرۆڤی شارەزووریدا، ئەوەی زۆر باوە، وەک لە نمونەی (١٥- آ و ب )دا خراوەتە ڕوو، هەردوو وشەی (حەیتە) و ( ئاشە قژ درێژ)ە، کە بۆ ترساندنی منداڵ بەکارهاتوون، کە مەبەست لە (حەیتە) پۆلیسە و مەبەستیش لە (ئاشە قژ درێژ)ەکە گوێدرێژە، بەمپێیە سەرەڕای ئەوەی، کە ئەم دوو چەمکە لە کلتوری شارەزووردا بۆ ترساندن بەکارهاتوون، ڕەنگە لە کلتورێکی وەک سلێمانیدا، ئەم دوو وشەیە هیچ بەهایەکیان نەبێت و ئەوەندەی وشەکانی وەک (سەر قژن) و (شەولەبان)ەکە، کە لە نموونە ئاخاوتنییەکانی ژمارە(١٦-آ و ب)دا خراوەتەڕوو، کە ئەمانیش هەر بۆ ترساندنی منداڵ بەکار هاتوون و مەبەست لە (سەر قژن) مرۆڤە و (شەولەبان)یش باگردێنە. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی، کە زمانەکان خاوەنی کۆمەڵە وشەیەك بن، کە ناتوانرێت واتاکانی بە ئاسانی بۆ قسەکەرانی زمانەکانی تر ڕوون بکرێنەوە، تەنانەت لە تەنها یەك زمانیشدا، ڕەنگە هەر بەو جۆرە بێت، هەروەك لە نموونەکانەوە دەرکەوت. ئەمەش بەهۆی ئەوەی مرۆڤ لەژیانی کۆمەڵایەتیدا، هەمیشە هەوڵدەدات بۆ بەدیهێنانی خەون وخولیاکانی، لێرەدا دەربڕینە ڕێژەییە زمانییەکان خۆیان دەکەن بەژیانی تاکدا. کە کاریگەرییان دەبێت لەبەرهەمهێنانی ئاخاوتنەکان و تێگەیشتن لەتاکی قسەکەر و شیکردنەوە بۆ مەبەستی قسەکەر، لەبەرئەوە سەرەکیترین ئامانجی لیکۆڵینەوەی زمانەوانیی ڕێژەیی، دەرخستنی ئەو جیاوازییانەیە لە نێوان قسەکەرەکاندا، بۆ دەربڕینی چەمکێک بە چەندین فۆرمی زمانی جیاواز.

بەمشێوەیە لە ڕوانگەی تێگەیشتن لە گریمانەی زمانەوانیی ڕێژەیی، دەتوانرێت بگوترێت، کە زمان کاریگەرییەکی گرنگی لەسەر مرۆڤ بۆ جیهانبینی هەیە و تەنها هۆیەک نییە بۆ دەربڕینی بیر بەکاربهێنرێت، بەڵکو زمان وەك یارمەتیدەرێك، سنوری توانای مرۆڤ بۆ قسەکردن و بیرکردنەوەش دادەنێت.

گریمانەی (ساپیر وۆرف) جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە وشە و دەربڕاوەکان پەیوەندییەکانیان بۆ تێگەیشتن لە جیهاندا بەکاردەهێنین و لە بنەڕەتدا لە زمانی دایکمانەوەیە، بۆیە ئەوانەی بە زمانی جیاواز ئاخاوتن دەکەن، بە شێوەی جیاواز لە جیهان دەگەن و تێگەیشتنی جیاوازیشیان بۆ دەوروبەر و سروشت و جیهان دەبێت.

### ٢-١/١) گریمانەی بەهێز (دەرخەری گەرایی زمانی):

دەرخەری زمانی(Linguistic determinism) مەبەست لێی ئەوەیە، کە زمان و داڕشتە زمانییەکان و دەربڕاوەکانی زمان زۆر بە بەهێزی تێڕوانین و بیروبۆچوونی مرۆڤ، دەربارەی ژیان و دەوروبەری ڕامدەکات، یان سنورداری دەکات. بەواتایەکی تر، زمان دەسەڵاتی بەسەر بیردا هەیە، بۆیە قسەکەری هەر زمانێک دەکەوێتە ژێر کاریگەریی زمانەکەیەوە، وەکو (ساپیر) وتویەتی:'' زمان ڕێگەی بیرکردنەوە دیاریدەکات و سنوری بۆ دادەنێت'' (محمد، ٢٠٠٩، ٢٣٩)، هەر لەمبارەیەوە (هەمبۆڵد) لای وابووە، کە'' ئەو زمانەی ئێمە قسەی پێدەکەین بەتەواوی بیرمان دیاریدەکات'' (Donnell, 2008, 7)، هەربۆیە درکپێکردن و پەیپێبردنی مرۆڤ بە دەوروبەرەکەی خۆی و بیرکردنەوەکانی دەربارەی ژیان، پەیوەستە بەو فۆرمە زمانییەی، یان ئەو دەربڕاوە زمانییەی، کە لە زمانی دایکدا بوونی هەیە و ئەم دەیزانێت. هەروەک لە ڕستەکانی (١٧)دا دیارە:

(١٧): آ- ئەمشەو ( تۆڕ)ی ماسییەکەم هەڵدا.

ب- ئەمڕۆ چاوپێکەوتنم لە (تۆڕ)ی میدیایی ڕووداو هەیە.

پ- (تۆڕ)ی چاوم لاواز بووە.

ت- (تۆڕ)ی جاڵجاڵۆکەکەم تێکدا.

ج- (تۆڕ)ی کۆمەڵایەتی فەیسبوکەکەم هاککراوە.

ئێستا ئەگەر لە نموونە ئاخاوتنییەکانی (١٧) بڕوانین، دەردەکەوێت، کە بەکارهێنانەکانی وشەی (تۆڕ)، لەگەڵ وشەکانی (ماسی، میدیا، چاو، جاڵجاڵۆکە، کۆمەلایەتی) پێکەوە بەستراون و پێکەوە لە دەقە زمانییەکاندا بەکاردەهێنرێن، هەربۆیە پەیپێبردنەکانی مرۆڤ بەو دەوروبەر و فۆڕمە زمانیانەوە بەندە، کە دەیزانێت. ئەمەش بەهۆی ئەوەی، کە: (گریمانەی دەرخەری لە زمانەوانیی ڕێژەییدا، دیاردەیەکی دووقۆڵی پێشکەش دەکات، کە ئایا تایبەتمەندیی زمان و کلتور، کە ئێمە لەمنداڵیدا ڕووبەڕووی دەبینەوە، لەڕاستیدا چۆن جیهان دەبینین، چۆن بیردەکەینەوە و چۆن خۆمان دەربڕین؟)(Fatini, 1997, 4)، کەوابوو هەر زمانێک و ئەو کلتورەی، کە نوێنەرایەتی دەکات، بەدڵنیاییەوە دیدێکی دیاریکراو و جیاواز بۆ هەمان جیهان و شێوازی جیاواز لە بیرکردنەوە و شێوازی جیاوازی دەربڕینی هەیە، بۆیە ئەم بیرۆکەیە بە درێژایی سەدەکان، کێشە و مشتومڕی زۆر لەسەر بووە، بۆیە دەگوترێت:'' هەموو ڕەهایەکی جیهانی لە تایبەتمەندییەکانی زمانەوانی و کلتورییەوەیە، هەر بۆیە بە پێی گریمانەی ڕێژەیی، زمان شێوەی بیرکردنەوەی خەڵک پێکدێنێت'' (سەرچاوەی پێشوو ). لەئەنجامدا قسەکەرانی زمانە جیاوازەکان لەوانەیە جیاواز بیربکەنەوە بە شێوازی پێشبینیکراو. ئەم پێشنیازەش زۆرجار پەیوەندیی بە (وۆرف)ەوە هەیە، کەواتە دەرخەریی زمانیی، لەماوەی ساڵانی(١٩٣٠)ەکاندا، هاتە سەر سەرنجی زمانناسان و مرۆڤناسان و بۆ کۆمەڵناسی ئەمریکی (بنجامین لی وۆرف ١٨٩٧-١٩٤١) دەگەڕێتەوە. لێرەدا تێۆری زمانەوانیی ڕێژەیی ەو ڕاستییە پێناسە کراوە، کە: (سیستەمی ڕێزمانیی جیاواز بەکارهێنەرانی بەرەو شێوازی جیاواز دەبات و هەڵسەنگاندنی ڕووداوە دەرەکییە هاوشێوەکان و نایەکسانی لە چاودێریکردن دەمانگەیەنێتە دیدێکی جیاواز لە جیهاندا ) (بنی عطا، ٢٠٢٠، ٤٥٣). ئەم چەمکە لەدوو ڕووەوە ڕووندەکرێتەوە: لایەنی یەکەم ئەوەیە، کە سنوری هەرکۆمەڵگایەک بە زمانەکەیەوە کراوەتەوە و ناتوانێت لەودیوە بڕوات، کە بیرۆکەی گروپێک دروست دەکات و بەبێ ئەوەی ئەو پەیوەندییە لەبیرکردنەوەکانیدا گیر ببێت، تاکەکان هیچ تێگەیشتنێکیان لەو جیهانەی، کە تێیدا دەژین نییە، جگە لە ڕێگەی زمانەکەیان و بیرکردنەوەیان، تەنیا لە ڕێگەی ئەو زمانەوە گەشە دەکات. لایەنی دووەمی ئەم گریمانەیە، پێیوایە، کە قسەکەرانی زمانە جیاوازەکان، تێگەیشتنی جیاوازیان بۆ جیهان هەیە. هەربۆیە تێڕوانینی ئەم گریمانەیە ئەوەیە، کە: '' گەشەی هزری مرۆڤ بە سروشتی سنووردار دەکات و چالاکیی زمانەوانیی زمانی مرۆڤ سیستەمێکی هزری بیرۆکەکانە و تەنیا سیستەمی زمان و بیر بەرهەمدەهێنێت''(سەرچاوەی پێشوو،٤٥٤). بەواتایەکی تر ئەگەر مرۆڤ بیت و ئەزموونێکی زۆری هەبێت و زانیارییەکی زۆریشی هەبێت لەبەرئەوەی زمانەکەی وشەکانی سنووورداری دەکات، پەیوەستی دەکات بە چەند دەربڕاوێکی دیاریکراوەوە، بۆیە ناتوانێت، زۆر قسەی لەسەر بکات، بۆ نموونە پزیشکێک کاتێک، کە دەیەوێت بیرکردنەوەکانی دەربارەی نەخۆشییەک بۆ نەخۆشێکی بەتەمەن لە زمانی کوردیدا دەرببڕێت، لەبەرئەوەی وشەی تەواوەتی وشەی پزیشکی لە لانییە، بۆیە ناتوانێت بیرکردنەوەکانی، وەک خۆی بۆ ئەو مرۆڤە بەتەمەنە دەربڕێت، کەواتە لەوێدا فۆڕمە زمانییەکان و کۆزانیارییە زمانییەکەی و داڕشتە زمانییەکانی پەیپێبردن و درکپێکردنی ئەم مرۆڤەی بۆ دیاردە نەخۆشییەکە سنووردارکردووە. ئەمە بریتییە لەوەی، کە بەڕەهایی ڕێژەیی دەردەبڕێت. ئەمەش بەواتای ئەوەی (کاریگەریی زمانەوانیی ڕێژەیی سنورداره بۆ کاریگەریی بیرکردنەوە بۆ قسەکردن و تەنانەت بۆ مشتوومڕکردنی ئەوەی، کە کاریگەریی زمان لەسەر بیرکردنەوە لەوانەیە بە توندی سنووردار بێت، کە هانی بەشداربووان بۆ بەکارهێنانی زمان و جێبەجێکردنی بە ستراتیجی

دەدەن)(Casasanto, 2016, 161)، ئەم ڕاستییەش بۆ مرۆڤە جووت زمان و فرەزمانەکانیش دروستە، چونکە مرۆڤی جووت-زمان ڕەنگە بە زمانی دووەمی، چەندین وشەی بۆ دەربڕینی چەمکێك بۆ بەرانبەرەکەی هەبێت، بەڵام گەر لە زمانی یەکەمیدا ئەو وشانەی نەبێت، ناچار دەبێت هانا بۆ وشەکانی زمانی دووەمی بات، یان بوەستێت و لە بری وشە بە ڕستە و دەقی زمانی چەمکەکە بگەیەنێت. هەر بۆیە (بنیامین لی ۆرف) بە (بەکارهێنانی ڕێبازی زمانەوانیی زاڵ لەسەردەمی خۆیدا، جیاوازییەکی سەرسوڕهێنەری دۆزییەوە، لەگەڵ زمانە ئەوروپییەکان لەڕووی چۆنییەتیی ڕەنگدانەوەیان و قسەکردن لەسەر واقیع)(بنی عطا، ٢٠٢٠، ٤٥٤). زۆرێک لەکارەکانی (ۆرف)، کە هێرشیان کرایە سەر، بیرۆکەکانی بوون، بۆیە ئاماژە بە تێڕوانینی بەهێزتر درا ئەویش(دەرخەری زمانی)بوو، واتە'' زمان بیرکردنەوە دیاریدەکات، لەکاتێکدا ئەمە بەفراوانی ڕەچاودەکرێت، واتە هەڵە نابێت وادابنرێت، کە زمان بەهیچ شێوەیەک کاریگەریی لەسەر بیرکردنەوە نییە)(Grace, 2007, 8)، هەربۆیە لێرەدا تیۆری بەهێزی ڕێژەگەرایی یان ڕێبازی دیاریکراوی/دەرخەری زمانەوانی، لەسەر ناسنامەی (زمان- بیرکردنەوە) بوو، بۆیە گۆڕانکاری و چاوخشاندنەوەیەک بە پێشنیازی زمانەوانیی ڕێژەیی کراو بەشێک لەپرسیارە گشتییەکان لەسەر ئەوەبوون، کە چۆن زمان کاریگەریی لەسەر بیرکردنەوە هەیە، لێرەدا کاریگەرییە شاراوەکان دەکرێت، پۆل بکرێن بۆ سێ جۆر: (یەکەم: نیشانە ناسی، واتە هەبوونی کۆدێک، کە لەگەڵ پێکهاتەیەکی ڕەمزی بیرکردنەوە دەگۆڕێت، دووەم: ئاستی پێکهاتەیی: واتە چۆنییەتیی شێوازی قسەکردنی تاک بە هۆی واتای جیاوازی مۆرفۆسینتاکسەکان و ڕێکخستنیان و کاریگەرییان لەسەر بیر و واقیع، سێیەم: کرداری، پرسیارەکە ئەوەیە، کە ئایا کردارە جیاکەرەوەکان و ڕێکخستنی پێکهاتەییان، کاریگەرییان لەسەر بیرکردنەوە هەیە، یان کاریگەریی ڕاستەوخۆ لەسەر لێکدانەوەی دەق و قسەکەرەکاندا کاتێکە، کە بە شێوەیەکی جیاواز زمان بەکاردێنن، ئەم ئاستەش لە بەرژەوەندیی تاکدا بووە)( Lucy, 1997, 292). بۆنموونە ئەگەر لە کرداری ڕستەکانی نموونەی (١٨) بڕوانین، ڕەنگە وێنەکە وێنایەکی ئاشکراتری هەبێت:

:(١٨)

آ- تکایە جوان سەیری بکە و دوایی گلەیی مەکە.

ب- تکایە ورد لێی بڕوانە و دوایی گلەیی مەکە.

پ- تکایە بە دڵی خۆت لێی ڕابمێنە و دوایی گلەیی مەکە.

ت- تکایە چاک تەماشای بکە و دوایی گلەیی مەکە.

ج- تکایە بە تەواوی لێی وردبەرەوە و دوایی گلەیی مەکە.

گەر سەیری ڕستەکانی نموونەی (١٨) بکەین، بۆماندەردەکەوێت، کە جیاوازیی کردارە دەربڕاوەکان و ئەو دارشتەی تێیدا دەربڕدراون و ئەو واتا و گۆشە نیگایەی دەریانبڕیوون، تەواو جیاوازن و ڕاستەوخۆ پەیوەستبوونە ڕێژەییەکە دەخەنەڕوو. بەمشێوەیە ڕەتکردنەوە بەردەوامەکانی گریمانەی بەهێز و وردبوونەوە ڕەخنەلێگرتنە بەردەوامەکانی، بنەمای سەرەکیی مەین و چەسپاندنی گریمانەی بێهێزی زمانەوانیی ڕێژەیی خوڵقاند و وەک ڕاستییەکی زانستی خۆی ناساند و باشترین بەڵگەش بۆ سەرکەوتنەکانی ئەم دیوەی زمانەوانیی ڕێژەیی، زیاتر بەردەوامیدان و گەشەکردن بە لێکۆڵینەوەی زمانی، لە چێوەی گریمانەی بێهێزی زمانەوانیی ڕێژەیی لە زانستەکانی ( زانستی زمانی درکپێکردن و زانستی زمانی کارەکی)دا، دەبینێتەوە، کە وردەکاری ئەم ناساندنە نوێیەی زمانەوانیی ڕێژەیی، لە ڕێگەی گریمانەی بێهێزی قوتابخانەکەوە، زیاتر لە وردەکاری چنینە زانستییەکانی پاری یەکەمی بەشی دووەمی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا دەسازێن و دەبنە بنەمایەکیش بۆ دارشتەی تیۆری سەرجەم نامەکە لە چێوەی زانستی زمانی درکپێکردندا.

پاشان لەماوەی نیوەی دووەمی ئەم سەدەیەدا، لەگەڵ زیادبوونی بەرژەوەندی لە گوتاردا، شیکردنەوە بۆ ئاستی زمان دەکرێت. بۆیە بەئاسانی ئاماژە بەدەربڕینی ڕێژەیی دەکەن. گریمانەی (ساپیر - ۆرف)، زیاتر سەرنجدان بووە و هانی بیرۆکەی دیاریکردنی زمانەوانیی ڕێژەییدا. بەواتایەکی تر (زمانی ئێمە هەر لە لەدایک بوونییەوە کاریگەریی ڕاستەوخۆی هەبووە لەسەر ئەوەی، کە ئێمە چۆن بیردەکەینەوە و کارلێک دەکەین و دەربڕین دەکەین، واتە پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە پەیوەندیی نێوان زمانی مرۆڤ و بیرکردنەوەی مرۆڤەوە هەیە، کەواتە لایەنی مامناوەندی ئەم تیۆرییە (دەرخەریی diterminism) لەسەر ئەم بنەمایە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە زمان هەندێک ڕۆڵی لەپرۆسەی بیرکردنەوە، یان زانین هەیە، لایەنی توندڕەویەکەشی لەسەر بنەمای ئەوەیە، کە پەیوەندیی ئۆرگانیکی لەنێوان زمان و بیردا هەیە)(Fantini, 1997, 6). بۆیە وا پێویست دەکات، جەخت بکەینەوە لەسەر تێگەیشتن لە دەربڕینی وشەکانی زمان، یان دەقە نوسراوەکان، چونکە هەموو گوتراو و نوسراوێک ئاماژەیەکی دەربڕینی تێدایە و بە وشەکانی زمان سنورداریشە. هەرچەندە زمان بەتەواوی ئەو شێوازەی، کە ئێمە بیری لێدەکەینەوە دیاری ناکات، بەڵام ''بەشێوەیەکی دیاریکراو، کاتێک بە پێی ئەم تیۆرییە بەراوردی کۆمەڵەیەکی هاوسنوری دەکەین، تارادەیەکی نزیک کاریگەریی ڕەنگدانەوەی جیهانبینییەکانیان دیاریدەکات''( Mills, 2000, 7).

بەمشێوەیە ئامانجی توێژینەوەی ڕێژەیی بوونی زمانیی ئەوەیە، جیاوازییەکان دەربخرێن، لەبەرئەوەی کاریگەرییە ڕێژەییەکان گرنگن و دەتوانرێت بە تاقیکردنەوەکانی زمانەوانیی ڕێژەیی تێگەیشتنی زانستیمان پێشبخەین و هەڵکردنە زمانیی و جیاوازییە زمانییەکانیش پێکەوە دەتوانن پرۆسەیەکی پەیوەندیکردنی گونجاو برەخسێنن. سەرکەوتنی ئاخێوەر لەم بوارەشدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، تا چ ڕادەیەک شارەزایی لە چۆنییەتیی بەکارهێنانی ئەم وشە و دەربڕاوانەدا هەیە و هەر یەکێکیش لەم دەربڕاوانە بە پێی بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکان، ڕێژەکەی دەگۆڕێت.

## ئەنجام

شیکردنەوەکانی توێژینەوەکە ئەم ئەنجامانەی لێهەڵدەگوێزرێت:

**١.** بوونی چەندین وشەی جیاواز لەزماندا و بەکارهێنانی لەلایەن قسەپێکەرە جیاوازەکانەوە، بۆ دووان لە هەمان چەمک لەڕوانگەو گۆشەنیگا جیاوازەکانەوە بەڵگەی ڕاستێتیی بوونی ڕێژەگەرایی زمانییە.

**٢.** زمانەوانیی ڕێژەیی ئەو بیرۆکەیەیە، کە ئەو زمانەی کەسێک بەشێوەیەک لە شێوەکان قسەی پێدەکات و ڕێژەی دەربڕینی واتاو هەستی قسەکەر لەکاتی ئاخاوتن کاریگەریی لەسەر شێوازی بیرکردنەوەی بەرانبەر هەیە، دەربڕینی هەر وشەیەکیش لەم وشانە دیاردەیەکی زمانییەو دەبێتە هۆی دەوڵەمەندبوونی زمان.

**٣.** زمان کاریگەرییەکی گرنگیی لەسەر مرۆڤ بۆ جیهانبینی هەیەو تەنها هۆیەک نییە بۆ دەربڕینی بیر بەکاربهێنرێت، بەڵکو زمان وەک یارمەتیدەرێک سنوری توانای مرۆڤ بۆ قسەکردن و بیرکردنەوەش دادەنێت.

**٤.** لایەنی( بێهێزی زمانەوانیی ڕێژەیی)، بەشدارە لە دەوڵەمەندکردنی زمانی کوردی، چونکە بە بۆچوونی گریمانەکە، ئەو زمانەی مرۆڤ قسەی پێدەکات لە دەوڵەمەندکردنی بیرکردنەوە و درکپێکردنیدا بەشداریدەکات، نەک سنورداری بکات.

## سەرچاوەکان

فەتاح، محمد (٢٠١١). زمانەوانی، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، ژمارە(١٢٤) چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، چاپی سێیەم، (١٦٣ ).

قادر، کاروان (٢٠١٢). سیستەمی درکپێکردن وەک بنەمایەکی ڕێزمانی کوردی، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشیB، ژمارە (٣٤)، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، (٦).

قادر، کاروان (٢٠١٣). کاریگەری جیاوازییە زمانییەکان لە ستانداردکردنی زمانی دایکدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشی B، ژمارە(40)، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، (١٤- ١٥).

قادر، کاروان و فەرەج، شاخەوان و مەحموود، ئاڤێستا (٢٠١٧). پەیپێبردنی فۆنۆلۆژییانە لە ناسینەوەی وشەکانی زمانی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی، ژمارە(٤)، (٢٨٦).

قادر، کاروان و فەرەج، شاخەوان (٢٠١٢).٠فێرکردن لە نێوان ڕستەو دەقدا، کۆنفرانسی دوهەمی زانستی زمانی کوردی، هەولێر، (٦).

قادر، کاروان(٢٠١٤). درکپێکردنی زمانی ستاندارد و شیانی فێربونی زمانی دوهەم، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشی B، ژمارە (٤٥)، (١٢- ١٣).

محمد، محمد (٢٠٠٩). جدليه الغـة ولفكر، دار الغريب، القاهره، (٢٣٩).

بنى عطا، احمد (٢٠٢٠). النظرية الغوية بين التراث والسدس السانى الحديث، كلية العلوم الادارية و الانسانية، جامعة الجوف، المملكة العربية السعودية، حولية كلية الغة العربية بالزقازيق، .(٤٥٣، ٤٥٧- ٤٥٩).

بركة، بسام (٢٠١٠). الترجمة العربية بين الاختلاف اللغوى و الخلاف الثقافى، الجامعة السانية، امين عام اتحاد المترجمين العرب. (٢-٣)

Grace, Ronan (2007). Cross- Lingustic Reserch to Examine the Principle of Linguistic Relativity: Evidence From English, Mandarin and Russian, computational Linguistics, University of Dublin, Trinty College,( 5-9, 11-15).

Donnell, Niamh (2008). Lingustic Relativity and the Sapir- Worf Hypothesis. The influence of language on cognition and the implications for Second Languge Acquisition and Bilingualism, University of Dublin,( 4-5, 7).

King, Richard (2011). Linguistic Relativity and Its Potential Implications in the Field of Second Language Acquisition,( 4).

Ghosh, Sanjukta (2019). Linguistic Relativity Revisited: A Cognitive Linguistic Approach to Translation Studies, INTERNATIONAL JOURNAL OF TRANSLATION, (2-3, 5, 161).

Blackmore, Ashley (2012). REVITALISING LINGUSTIC RELATIVITY, University of Halmstad, (9).

Adekunle, Oluwakemi (2015). A Linguistic Relativity Appraisal of an African Drama: The Lion and The Jewel, Durban University of Technology, (19).

Niemeier, Susanne and Dirvin, Rene (1999). EVIDENCE FOR LINGUISTIC RELATIVITY, JOHN BENJAMINS PUBLISHING COMPANY AMSTERDAM/PHILADELPHIA,( 73).

Mills, Jon (2000). Linguistic Relativity and Linguistic Determinism: Idiom in 20th century Cornish, university of Luton,( 7).

Fantiny, Alvino (1997). Theory Reflections: Linguistic Determinism/ Relativism,( 4).

Casasanto, Daniel ( 2016). Linguistic Relativity, New York: Routledge, (161).

Lucy, John (1997). LINGGUISTIC RELATIVITY, the university of Chicago,( 292).

GUMPEREZ, JOHN, and LEVINSON, STEPHEN (1996). RETHINKING LINGUISTIC RELATIVITY, UNIVERSITY OF CAMBRIDGE. 22- Kay,p and Kempton, W (1984). ( what is sapir whorf hypothesis? )

Amrican Anthropologist,( 41).

Evans, vyvyan and Green, Melanie (2006). Cognitive Linguistics An Introduction, Edinburgh University press lrd, Graet Britain, (7).